کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

**Kurdistan National Congress (KNC)**

**Kongrey Nîstmanîya Kurdistan**

**WKA, Palingswich House, 241 king Street, London,**

**W 6 9 L P, U K.  E-mail; wka@knc.org.uk**

# کارەساتی ئەنفال" ە بەدناوەکان، بکەینە رەمزی یەکگرتن و، پرۆژەی دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان!

**بەرێزان!**

**خوشک و برایانی بەشداری سەمیناری تایبەت بە "ئەنفال"!**

نەتەوەی کۆیلە و بندەستی کورد، بەدرێژایی مێژووی پرهەوراز و نشێوی، بەهەزاران کارەسات و رووداوی دڵتەزێنی بەخۆیەوە بینیوە. کارەساتی "ئەنفال" ە بەدناوەکان، لەریزی ئەم رووداوە مێژووییانەن، کە لەساڵی ١٩٨٨ی زاینیی، لەماوەی چەند مانگێکدا، بەدەیان هەزار ژن ومنداڵ و کیژو لاو و پیری کورد، لەلایەن هێزەکانی رژێمی داگیرکەری عێراقەوە، لە گوند و شار و زێدی خۆیانەوە راماڵدران و، لەنێو دەشتەکانی کاکی بەکاکیی ولاتی عەرەب، لەنێو لم و زیخەڵانەکاندا بێسەروشوێن کران.

ئەورۆکە، لەکات و رۆژێکدا یادی ئەنفال دەکەینەوە کە، بیست ساڵ بەسەر کارەساتی "ئەنفال" و، پێنج ساڵ بەسەر رووخانی یەکجاریی رژێمی بەعسی عێراقدا تێدەپەرێت، بەڵام، تاکو ئێستا کارەساتی ئەنفال بەشاراوەیی ماوەتەوە. تاوانباران و، هەموو ئەوانەی دەستی باڵایان لە ئەنجامدانی ئەنفالدا هەبوو، هێشتا بەسزای تاوانەکانیان نەگەیشتوون. لەرووی نێونەتەوەیی و دیپلۆماسییەوە هیچ هەوڵێک بۆ لەقاودانی ئەو تاوانە گەورەیە نەکراوە و، سەرکردەیەتیی کورد نەیتوانیوە، بۆ بەرەسمیناسینی ئەو رۆژە وەک "رۆژی جێنۆسایدی گەلی کورد" لەلایەن کۆمەڵی نێونەتەوەییەوە کاربکات. لەمانە گرنگتر، کورد نەیتوانیوە لەکارەساتی ئەنفال و، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، لەرووی سیاسییەوە سوود وەربگرێ و، ئەو کارەساتانەی نەکردووەتە بەردی بناخە و هەوێنی رزگاریی نیشتمانی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

زۆر بەداخەوە، کورد نەتەنیا ئەم کارانە گرنگانەی ئەنجامنەداوە، بەڵکو ئەورۆکەش هێشتا ئەنفالکردنی کورد بەردەوامە و، بەهەزاران رۆڵەی کورد، لەدوای رووخانی رژێمی سەددامەوە، لە پارێزگەکانی کەرکووک و، مووسڵ، سەربراون و، بەسەدان هەزاری دیکەش، ماڵ و زێدی خۆیان جێهێڵاوە و، ئاوارەی شار و گوندەکانی دیکەی کوردستان بوون.

بێگومان، هۆی ئەمەش، لەلایەک دەگەرێتەوە بۆ ئەوە کە سەرکردەیەتیی کورد لە باشووری کوردستان، هەر لەسەرەتاوە، ئامانج و ستراتیژی نەتەوەیی نەکردە بەرنامەی

سیاسیی خۆی، بەڵکو شوێن بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی و، پلەوپایەی سیاسیی لەدەولەتی نوێی عێراق کەوتن. لەلایەکی دیکەشەوە، نزمبوونی ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد، بوون بە هۆی ئەوە، شوێن درۆشمی بریقەدار و نازانستانەی "برایەتی" و "عێراقی فیدراڵ" و، "عێراق بۆ هەمووان"، کەوتن کە لەلایەن سەرکردەیەتیی حیزبەکانییەوە بە گوێیدا دەدران. لەبەر ئەوە گەلی کورد پاش رووخانی سەددام تاکو ئیستا نەیتوانیوە بە ئامانجەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بگا و، چارەنووس و داهاتووی سیاسیی لێڵ و ئاڵۆزە.

**بەڕێزان!**

ئەگەر دەمانەوێ، لەو کارەساتانەی لەرابوردوودا بەسەرمان هاتوون، ئەزموون وەربگرین. ئەگەر دەمانەوێ کارەساتی وەک ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە لە داهاتوودا روو نەدەنەوە، دەبێ یەکبگرین و، راستەوخۆ و بەراشکاوییەوە بانگی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەڵدەین. لەباتی بەرزکردنەوەی درۆشمی چەواشە و، نازانستانەی برایەتیی لەگەڵ فارس و عەرەب و ترک، با کورد لەنیوخۆیدا یەکبگرێ و، بیرێک لە چارەنووسی خۆی و دوارۆژی سیاسیی خۆی بکاتەوە.

لەمرۆژەدا و، لەیادی دەیان هەزار شەهیدی ئەنفال، داوا لە هەموو لایەنێکی سیاسی و نەتەوەیی کورد دەکەین، لەپێناو ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەکەماندا پلانێکی هاوبەشی نەتەوەیی دابڕێژن و، کار بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بکەن. ئەمەش باشترین پاداشە بۆ شەهیدانی ئەنفال و، بۆ هەموو شەهیدانی گەلەکەمان لەسەرتاسەری کوردستان.

**هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال!**

**بژی ئازادی، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!**

**براتان:**
**شوان بەرزنجی**
**بەرپرسیاری کۆمیتەی نۆرویژی**
**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**
**٢٠٠/٤/١٣**